

دانـــــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی دوانزەیەم

چاوەڕوانی چ دەربەند ێکی قەرەباڵغە هاوڕێ هەموو هەستەکانم لەو ێن تەنها تۆ نەبیت ..تۆ نازانیت من لێرە پڕ بووم لە بێ تۆیی ..چەند سەیرە!چەند یش جوانە لەزە ت وەرگرتن لە تەنیایی ..تۆ کە ئێستا دوری لەمن و

من چاوە ڕێ ی هەنگاوەکانی تۆم..بڵێیت ژیان بتوانێت لەمە سە ختتر لەخۆ بگرێت! ئێستا تۆ لە خەندەیەکی بەجێماو ئەچیت لە ناو دورگەی دڵی منا ..ئەرێ هاو ڕێم تۆ بۆ بە تەنیایت کە من لێرە ئازار ئەچێژم لە چاوە ڕوانیت !... من لە ژانا ئەتلێمەوە من وەکو پەڕەیەکی گوڵ بە دەم باوە سەما ئەکەم .. تۆ لە کوێیت تا بێمە سەر دەستەکانت..ئای لە خەیاڵە نامۆکان چۆن پیاسە ئەکەن بە ناو دڵما!..چ ژانێکی سەختم پیشکەش ئەکەن ..بێ ئارامم ئۆقرەم نەما ڕێگاکانم لە خۆم تۆران دڵیشم بێ دەنگ بووە!..ئێوارەی سلێمانی بە تاسەیە باوەشمان بۆ بگرێتەوە..ئەمڕۆ هیچ شتێك قاچاخ نی یە تەنیا لێدانی ترپەکانی دڵی من و تۆ نەبێت ..من کە لە گێژاوی مەست بوونی چاوەکانما ئەمەوێت بتبینم بە دیدارت شاد بم تۆش ونی هاوڕێم وەك ون بوونی هەناسەکانی ئێستام..چاوەڕێ ی نامەی تۆم تا بۆ دواجار لەناو دڵما بیپارێزم..ئەوێ مەملەکەتێکی سەیرە هاوڕێم من تا ئێستا خۆشم تێ ی نەگەیشتووم ..تا ئێستا لە زمانی بولبولەکانی نازانم..تا ئێستا خەمەکانیم خۆش ئەوێت .. ؟ !

خەم و ژانەکان ئەوەنە زۆر بوون هەست ئەکەم نەك جەرگ و دڵ و دەرون بەڵکو ئێستا هەموو ئێسقانەکانمی ڕەش کردۆتەوە جەستەم ئەبێت بە خۆڵەمێش ئەها هاوڕێ هەموو مانای ووشەکان عەکس بوونەتەوە ..گومانم هەیە ئەمە دیاری بێت بۆ عەشق!.. ئەوە بڕیار نەبوو لە لایەن منەوە بەڵکو قەدەر بوو ..ئەو قەدەرەی تۆ باسی ئەکەی هەمیشە ..قەدەر منیشی گرتەوە ..ئێستا ئەبێت ڕازی بیت بەم دۆخە چونکە تۆ هەموو شتەکان ناو ئەنێیت قەدەر و ئەمەش لە سەرو تواناو دەسەڵاتەکانی خۆتەوە ئەبینیت!..ئەو قەدەرەی هەرگیز تێ ی ناگەم و ناتوانم باوەڕی پێ بکەم ،منت کرد بە خوێندکار لە قوتابخانەی قەدەرا ..کەواتە ئەمجارەش پرسیار ئەکەم ئایا تۆ ڕازیت بەم قەدەرە کە خۆت بناغەت بۆ دروستکرد هەتا ببێت بە شاخ لە سەر دڵی هەردوکمان!؟

ئەی خەیاڵە برۆنزی یەکە ئێستا تۆ لە کوێ ی؟..ئەی من بچمە کوێ؟!ئەدرەسێکم پێ بڵێ کە لەسەر زەوی نەبێت! ئەدرەسێکم پێ بڵێ کە لە دنیای ون بوونی خۆم بمهێنێتە دە ر ئیتر با خۆم بدۆزمەوە ..ئای لە نامەکەی تۆ هاوڕێم بوو بە فریشتەی مەرگ و هەر پێ ی نەگەیشتم ..!

دانـــــەر